# دەور و گرنگیی پێداچوونەوە و هەڵەچنی لە یەکدەستکردنی ڕێنووس و بەهێزکردنی زماندا




**نووسەران:** تەحسین تەها و قەرەنی قادری

ڕاستە ڕۆڵ و گرنگیی زمان و پێداچوونەوەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان لەچاو ساڵانی ڕابردوو تا ڕاددەیەک پەرەسەندن و گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە گوێرەی پێویست و لە ئاستی پێویستدا نەبووە، چونکە زۆریی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، هەروەها جیاوازی لە ڕێنووس و خاڵبەندی و یەکدەستنەبوونی ڕێنووس و جۆری هەڵەچنی و پێداچوونەوە لەو دەزگەیانەدا، وای کردووە کە ئێمە لەگەڵ کێشەی "**فرەڕێنووسی**" و "**فرەهەڵەچنی**" و "**فرەپێداچوونەوە**"دا بەرەوڕوو بینەوە. پێویستە زیاتر کار بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، **لەبەر ئەوەی کە زمان نەک تەنیا ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، بەڵکوو بۆ ئێمەی کورد، ئامانجیشە**؛ ئاخر زیاتر لە هەموو فاکتەرەکانی تر، ئەوە زمانە کە ئێمەی وەکوو "**نەتەوە**"یەک پاراستووە و زیاتر بەهۆی زمانەوە ناسنامەمان پارێزراوە و هەین. تەنانەت باس لەوەیش دەکرێت، کە کورد "**نەتەوەیەکی زمانی**"یە.

**گرنگی و ڕۆڵی پێداچوونەوەی زمانەوانی**

گەر زمان هۆکار و ئامرازێک بێت بۆ لێکتێگەیشتن و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و نەتەوەکانی جیهان، کەواتە ئەو شتانەیش لە زماندا گرنگن کە وەک ڕێگەیەک و ئامرازێکی زانستی، دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان "بەدروستی" و "بێگرێوگۆڵ" و "ڕوون" لێک تێک بگەن و تەمومژاوی و لێڵییەکان نەمێنن. واتە گەر بنووسین بەڵام دروست و بەپێی ڕێزمان و یاسا و ڕێساکانی زمان نەنووسین، ئەوا بێ گومان خوێنەر لێمان تێ ناگات و تووشی سەرلێشێوان و تێنەگەیشتن و ناڕوونی دەبێت لە تێکستەکاندا. ئەمەیش واتە ئامانجەکە، کە لێکتێگەیشتن و ڕوون و ڕەوانییە، ناپێکرێت و کێشە دروست دەبێت. گرنگیی پێداچوونەوەی زمانەوانی لای هەموو نەتەوەکان و وڵاتان و لەناو هەموو زمانەکاندا شتێکی دیارە و نکۆڵیی لێ ناکرێ. بۆیە باسی سەرەکیی ئەم وتارە، دەور و گرنگیی پێداچوونەوەی زمانەوانییە لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن،

هەروەها چۆن بە ڕێگەی پێداچوونەوە و هەڵەچنییەوە ئاستی زمان لە کەرەسەکانی ڕاگەیاندندا بەرز دەبێتەوە و ڕێنووسێکی یەکدەست، بەڵام گشتگیر چێ دەبێت.

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

پێداچوونەوەی زمانەوانی پرۆسەیەکی گشتگیر و فراوان و هەمەلایەنە، کەچی زۆر کەس هەست بە گرنگییەکەی ناکەن لە نووسیندا و، وا دەزانن پێداچوونەوە واتە "**هەڵەچنیی تێکستەکان لە ڕووی ڕێنووسەوە.**" بەڵام پێویستە بڵێین کە ئەمە ڕاست نییە و پێداچوونەوەی زمانەوانی، شتێکی سەرترە لەمانە و جگە لە ڕێنووس و شتەکانی تری پەیوەست بە ڕێنووس، دەپڕژێتە سەر ناوەڕۆکی بابەتە نووسراوەکان و دروستی و نادروستییان لە ڕووی زانستی و زانیارییەکانەوە.

پێداچوونەوەی زمانەوانی وا لە تێکستەکە دەکات کە بابەتەکە بەجوانی و بەبێ هەڵەی زمانەوانییەوە بگاتە بەر دیدی خوێنەر. پێداچوونەوە تەنیا کێشانی هێڵێکی سوور نییە لەژێر وشە یان ڕستەیەکدا، بەڵکوو لەوە زیاترە. دەکرێ بڵێین پرۆسەی پێداچوونەوە بریتییە لە هەڵەچنی، ڕاستکردنەوە، لەڕەندەدانی ڕستە و پەرەگرافی ناڕوون، ڕێکخستنی وشە و ڕستەکان و دانان و گۆڕینی وشەی دروستتر و گونجاوتر و دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستی و زانستیبوون و بێهەڵەبوونی بابەتەکە و ئاسانترکردن و ڕەوانکردنی نووسینەکە. ئەمەیش بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو و شەکەت و بێزار نەبێت و تا کۆتایی بابەتەکە بەتاسە و بەپەرۆشەوە بخوێنێتەوە و پشتڕاستیش بێت کە زانیارییەکان و ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕاستن و دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ.

ئەگەر نووسەر خۆی بەرپرسە لە بەرامبەر ناوەڕۆکی وتارەکەیدا، بەڵام دەزگەیەکی ڕاگەیاندن و، هەروەها "پێداچۆڕەوە" (ئێدیتەر) بەرپرسن لە پاراستنی ناوەڕۆکی وتارەکە. بۆیە "پێداچۆڕەوە" ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی قورسی لەسەر شانە، چونکە کاری ئەو (پێداچوونەوەی زمانەوانی و هەڵەچنی)، دوایین وێستگەیە بۆ بڵاوکردنەوەی وتار یان وتارەکان. لەبەر گرنگیی زمان و چێکردنی پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە لە ڕێگەی وتارێکی پوخت و ڕەوان، کە زانیاری بە خوێنەر دەدات، دەبێ پێداچوونەوە و هەڵەچنی بە شێوەیەکی پیشەییانە بەڕێوە بچێت تا ئاستی بەهێزیی وتار و زمانی نووسینەکە بەرز بێتەوە. تا ڕاددە و ئاستی پێداچوونەوە و هەڵەچنییەکە بەرزتر بێت، ئاستی وتارەکەیش بەرز دەبێتەوە و، هەر بەو پێیەیش ڕێنووسی یەکدەست پێک دێت و پەرە دەگرێت.

**کاری پێداچۆڕەوە (ئێدیتەر)ی زمانەوانی**

ئەوی کاری پێداچوونەوەی زمانەوانی دەکات دەبێ کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەبێت ئەگەرنا، ناتوانێ بابەتێکی ڕێک و ڕەوان و ڕوون ڕادەستی خوێنەر بکا. بۆیە پێداچۆڕەوەیەکی زمانەوانیی پرۆفێشناڵ و تایبەتمەند، ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

- ناوەڕۆک ڕاست دەکاتەوە و باشتری دەکات.
- هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەکان و ڕاسپاردەکانی پێداچۆڕەوە، ناوەڕۆکی ماندووکەر دەگەشێنێتەوە و ڕۆحی دەکاتەوە بەر. ڕاستییەکەی، نووسین پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. ئەوی پێداچوونەوە دەکات، بە چاوێکی گشتی و لە سەرەوەڕا سەیری نووسینەکە و کەموکوڕییەکانی دەکات و

هەوڵ دەدات شتێکی پوخت و جوان و ڕەوانی لێ دەرچێت.

- ئەوی پێداچوونەوە دەکا، دەبێ بەتواناتر و زیرەکتر و زاناتر بێت لە نووسەرەکە، چونکە دەبێ بابەتەکە شی بکاتەوە و شەنوکەوی بکات و چۆنی ڕاستەڕێی بکاتەوە. گومانی تێدا نییە کە نووسەر هەم لە ڕووی ڕوخسار و ڕواڵەتی بابەتەکەوە و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تووشی هەڵە و چەوتی دەبێت، بۆیە ئەوە ئەرکی پێداچۆرەوە (ئێدیتەر)ە کە یارمەتیی نووسەر بدات و، لەسەر بنەمای سێ کۆڵەکەی سەرەکی، واتە **ڕەواننووسی، تێگەیاندن** و **کارتێکەری**، بابەتەکە بە خوێنەر بگەیەنێت.
- ئەوی کاری پێداچوونەوە دەکا، دەبێ داهێنانی هەبێت و وردبین بێت و کارامەییەکانی نووسینی هەبێت بۆ ئەوەی کوالێتی و چۆنێتیی نووسینەکان بەرز بکاتەوە.
- "هەڵەچنی"یش یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگەکانی پێداچوونەوەی زمانەوانی؛ واتە هەڵەچنی- سەرەڕای گرنگییەکە- بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بابەتێک بەبێ کەموکوڕی بیدەیتە دەست خوێنەر، بەڵکوو بەشێکە لە پێداچوونەوە. هەڵەچنی واتە ڕاستکردنەوەی وشەکان و دڵنیابوونەوە لە دروستیی ڕێنووس و خاڵبەندی و وردەکاریی تری پەیوەست بە ڕێنووس و هتد.
- پێداچۆرەوە، پێویستە ئەوەندە زانیاری و زانستی لا بێت، کە نەهێڵێ زانیاریی هەڵە بگاتە خوێنەر. ڕەنگە وشەیەک نووسرابێت بەڵام مەبەستەکەی نەگەیەنێت یان هەر لە بنەڕەتدا وشەکە یان زانیارییەکە ڕاست نەبێت و خوێنەر لای خۆیەوە بەڕاست وەری بگرێت؛ لێرەدا گرنگیی پێداچوونەوە زیاتر بەدەردەکەوێت چونکە خوێنەر زانیارییەکی تەواو و دروست وەردەگرێت.
- دەبێ دڵنیا بێتەوە کە ژمارەکان، یان ناوی کەسەکان و شوێنەکان و وڵاتان و... لە نووسینەکەدا ڕاست بن یاخود گەر هەڵە بوون، ڕاستیان بکاتەوە.
- لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەبێ لێهاتوو و لێزان بێت.
- ڕستەسازی، پەرەگرافبەندی، ڕێکخستنی سەرەبابەتەکان، نەهێشتنی پارادۆکس (لێکدژی)یەکان لە ناوەڕۆکدا، ڕێکخستنی خشتە و پێنوێنەکان، زیادکردنی پەراوێزەکان، سڕینەوەی وشەی بێگانە و نامۆ و...، لە تایبەتمەندییەکانی تری کاری پێداچوونەوەن.

بەگشتی وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کاری پێداچوونەوەی زمانەوانی، کارێکی گشتگیرە و هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە پێویستن بۆ بەدەستەوەدانی نووسین یان بابەتێکی بێکەموکوڕی و جوان و ڕێکوپێک و سەرنجڕاکێش و، بێ گومان زانستی و دروست.

**شوشتنەوەی وتار**

دەبێ **پێداچۆرەوە (ئێدیتەر)** بەشێنەییەوە بە زمانی نووسین و ڕێزمان، ناوەڕۆکی وتار، بژارکردن، دەربڕینی پەیام و خاڵبەندیدا بچێتەوە. هەروەها شوشتنەوەی وتار بریتییە لە لابردنی وشە زیادەکان، وشە نامۆ و هەڵەکان، ڕەوانترکردنی وشە و ڕستەکان. شوشتنەوەی وتار واتە پاککردنەوە و خاوێنکردنەوەی وشە و نووسین لە شتی ناڕێک و نادروست، کورتکردنەوەی ڕستەی درێژ (شکاندنی ڕستە) بۆ ڕستەی کورت و ڕەوان، یان سڕینەوەی ڕستەی هاوشێوە یان ئەوەتا تا ڕاددەیەک وێکچوو لە وتارەکەدا. لەم قۆناغەی کۆتاییدا، کە کورت و چڕکردنەوەی وتارە، دەبێ گرنگی بە پاراویی زمان و سادەبوونی وتار بدرێت و بەوردی کاری لەسەر بکرێت، تا خوێنەر بتوانێت بەسانایی لە ناوەڕۆکی پەیامەکە بگات.

**جیاوازیی هەڵەچنی و پێداچوونەوە**

ڕوون و ئاشکرایە کە هەڵەچنی بەشێکە لە پرۆسەی هەمەلایەنەی پێداچوونەوەی زمانەوانی. نابێت ئەم دوو وشەیە لە بری یەکتری بەکار بهێنین و بە یەک شت دایان بنێین، چونکە ئەم دووە جیاوازییان هەیە؛ وێڕای ئەوەی پەیوەندییەکی زۆریشیان پێکەوە هەیە و پێکەوەبەستراون. هەڵەچنی بریتییە لە: تاوتوێکردنی نووسینێک، کتێبێک، بەڵگەنامەیەک و... لە ڕووی کەموکوڕی و کێماسیی وەک وردنەبوون لە ڕێزماندا، هەڵەی ڕێنووسی (دروستنووسین)، پێکهاتە و فۆرمی ڕستە و شتی لەم بابەتە. کاتێ کەسێک هەڵەچنی دەکا، هەوڵ دەدات گشت کێشە و کەموکوڕییەکانی نووسین، ڕێزمان و ڕێنووس بدۆزێتەوە و ڕاستیان کاتەوە. شکی تێدا نییە کە کاری هەڵەچنی لە جۆری خۆیدا و لە شوێنی خۆیدا، کارێکی پڕبەها و بەنرخ و پێویست و گرنگە و، ئەوەی هەڵەچنی دەکات، دەبێ لە ڕووی یاسا و ڕێساکانی زمانەوە کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ بێت. زۆر گرنگە نووسینێک بە فلتەری هەڵەچنێکی زیرەکدا تێ پەڕێت و هەڵە و چەوتییەکانی ڕاست بکاتەوە و وشەکان و شێوازی نووسینیان یەکدەست بکات. ڕاستییەکەی هەڵەچنەکان شتگەلێک و هەڵەگەلێک دەبینن کەوا خەڵکی ئاسایی و ناپسپۆڕ نایبینن و هەستی پێ ناکەن.

گەر بێینە سەر باسی پێداچوونەوەی زمانەوانی، یەکەم شت ئەوەیە کە بڵێین زۆر فراوانتر و گەورەترە لە هەڵەچنی؛ دەکرێ بڵێین هەڵەچنی بەشێکە لە پێداچوونەوە- هەرچەندە بەشێکی بنەڕەتی و گرنگیشە. پێداچوونەوە وەک پەکێجێک وایە؛ گەورەتر و هەمەلایەنتر و خۆسەپێنترە لە هەڵەچنی؛ بە مانای ئەوەی کە پێداچۆرەوە دەسەڵات و سەلاحییەتی زانستی و پسپۆڕییانەی ئەوەی هەیە، کە دەست لە وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی بابەتەکە وەربدات و هەر وشەیەك یان هەر شوێنێك پێویستی بە جێگۆڕکێ و ڕاستکردنەوە هەبوو، بیگۆڕێت و ڕاستی بکاتەوە. ڕەنگە هەڵەچن کارەکەی ئاسانتر یاخود دیارتر و ڕوونتر بێت و پەیوەندیی بە شتێکی تایبەتەوە-ڕێزمان و بەتایبەت ڕێنووس- هەبێت و دەسەڵاتەکەی سنووردارتر بێت، بەڵام پێداچۆرەوە مافی دەستێوەردانی گشتیی بابەتەکەی هەیە، بە لایەنی زمانەوانی و زانستیشەوە. ئەو تەنیا بە ڕاستکردنەوەی وشە و ڕستەکان لە ڕووی ڕێنووسەوە قەناعەت ناکا، بەڵکوو دەیەوێ بابەتەکە و نووسینەکە لە هەموو ڕوویەکەوە- نەک تەنیا لایەنێک و ڕوویێک- بخاتە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندن و نرخاندنی خۆی. حەز دەکات نووسینەکە بەتەواوی تاوتوێ بکات و هەڵی سەنگێنێ. ئەم هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنە بە مانای ئەوەیە کە نووسینەکە دەبێ لە ڕووی ئەو وشانەی کە بەکار هاتوون، ڕەگەزەکانی زمان، ستراکچەر (پێکهاتە)ی گشتی، کوالێتیی ناوەڕۆک، هەروەها گواستنەوەی بیرۆکە و پەیام و زانیارییەکانەوە سەرنجیان لێ بدرێ و ڕاستی و دروستییان پشتڕاست بکرێتەوە.

هەڵەچنەکان هیچ شتێک ناخەنە سەر ناوەڕۆک، بەڵام ئەوانەی پێداچوونەوە دەکەن، بەپێی پێویست شتی بۆ کەم و زیاد دەکەن و ناهێڵن نووسینەکە بەسەقەتی و ناتەواوی و هەڵەوە بگاتە خوێنەر. پێداچۆرەوە ناهێڵێ وشەی دووبارە لە نووسیندا بمێنێتەوە و، ڕستەکان و پەرەگرافەکان و سەرەبابەتەکان ڕێک دەخاتەوە؛ ئەمە سەرباری سەرجەم لایەنەکانی تری بابەتەکە. ئەو چەندان جار بە بابەتەکەدا دەچێتەوە و سەیری دەکاتەوە تا دڵنیا بێتەوە لەوەی کە هەم لە ڕووی ڕێزمانی و ڕێنووس و سینتاکسەوە و هەمیش لە ڕووی ڕاستی و دروستی و لە ڕووی زانستییەوە ناوەڕۆکەکە تەواوە.

پسپۆڕی پێداچوونەوە وا دەکات کە خوێنەر پەیامەکە باشتر و ڕوونتر وەرگرێ و پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ بابەتەکە ساز بکات و باشتر لێی تێ بگات. هەڵبەت دەکرێ بڵێین هەر جۆرە نووسینێکی تایبەت و

جیاواز، پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جیاواز هەیە؛ بۆ نموونە گرێبەستێک یان بەڵگەنامەیەکی یاسایی یان سیاسی یان...، هەر کامەیان پێویستی بە پسپۆڕێکی خۆی هەیە و، ناکرێ کەسێک کە زانستی یاسایی نەبێت، خۆی بکاتە هەڵەچن و پێداچۆرەوەی یاسایی! بۆیە بۆ ئەوەی پەیامەکە و مەبەستەکە بەدروستی بگاتە خوێنەر، پێویستە هەر نووسینێکی تایبەت لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایەکی ئەو بوارەوە بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە بۆ نموونە؛ پێداچۆرەوەیەکی ئەدەبی، جیاوازە لە پێداچۆرەوەیەکی بواری پزیشکی و هتد.

**پێداچوونەوەی تێکست و کتێبە وەرگێردراوەکان**

لە پێداچوونەوەی نووسینە وەرگێڕدراوەکان، هەموو ئەو کارانەی لەسەر بابەتە نووسراوەکان پیادە دەکرێن، لەسەر نووسینە وەرگێڕدراوەکانیش بە هەمان شێوە پیادە دەکرێن. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە هێشتا کاری زیاتر لەسەر وەرگێڕانەکان ئەنجام دەدرێ، چونکە جگە لە پێداچوونەوەی زمانەوانی بەگشتی، پێویستە ئەوی پێیدا دەچێتەوە، لە ڕووی ڕاستی و دروستیی وەرگێڕانەوە و لە ڕووی "ئەمانەتی وەرگێڕان"یشەوە کاری لەسەر بکات. ئەو دەبێ نووسینی "لێوەرگێڕدراو" و "بۆوەرگێڕدراو" لەگەڵ یەکدا بەراورد بکات.

ئەوی پێداچوونەوە بۆ وەرگێڕانەکان دەکات، دەبێ زۆر وریا و زیرەک و شارەزا بێت؛ ئاخر ئەو دەبێ لە هەردوو زمانەکە شارەزا بێت و تێ بکۆشێت کە هەڵەکانی وەرگێڕەکە ڕاست بکاتەوە و، لە ڕێی ئەو نووسینانەوە زانیاری و بابەتی هەڵە دەرخواردی خوێنەر نەدرێت و ئەمانەتی وەرگێڕان بپارێزرێ.

**یەکدەستکردنی ڕێنووس**

کێشەی هەرە سەرەکیی ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لە دەزگەکانی ڕاگەیاندن و دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بەتایبەتی ئەوەیە کە هێشتا "ڕێنووس" (املاء)یەکی یەکدەست و هاوشێوەمان نییە. هەر کەسەو لە مەیدانی نووسین و ڕێنووسدا بۆ خۆی لێ دەخوڕێ و باکیشی بەوە نییە کە ئەوی دی چۆن و بە چ شێوازێک دەنووسێت!

گەر سەیری دەزگەکانی ڕاگەیاندن بکەین لە هەرێمی کوردستان، دەبینین کە هەر دەزگەیەک و هەر دامەزراوەیەکی میدیایی، ڕێنووسێکی جیاوازی هەیە بۆ خۆی! ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە و لە ڕووی یاسا و ڕێسای زمانەوە لە وڵاتێکدا، کارەساتە! تاکە شوێنێکی فەرمی کە هەمانە و ڕێنووسێکی ئامادە کردووە، "ئەکادیمیای کوردی"یە، کە ئەویش ساڵانێکە ڕێنووسەکەی ئەپدێیت نەکردۆتەوە. گەرچی تا ڕاددەیەکی زۆر ڕێنووسێکی باشیان نووسیوە و نزیکە لە شتێکی مەعقووڵ و ستاندارد، بەڵام زۆربەی دەزگەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان پێڕەویی لێ ناکەن، یاخود پێڕەوی لە هەندێ شتی دەکەن و لە هەندێ شتیش نا. بەنیسبەت ئێمەوە وەکوو "**ماڵپەڕی پێنووس**"، پابەندین بە ڕێنووسی "ئەکادیمیای کوردی" وەک بەرزترین دامەزراوەی فەرمیی زمانی کوردی. تا ئێستایش ئێمە هەر بەو ڕێنووسەوە دەنووسین.

شتێکی زۆر پێویستە کە هەموو زمانەوانان و پسپۆڕان و خاوەنئەزموونەکانی بواری زمانەوانی، هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانن ڕێنووسێکی یەکدەست ئامادە بکەن و هەموویشیان پێیەوە پابەند بن. لە هەموو وڵاتانی جیهان کاتێ ئەکادیمیای زمان بڕیارێک لەسەر زمان دەدات یان وشەیەکی نوێ

دەردەچوێنێت، هەموو دامودەزگەکانی ڕاگەیاندن و... پێیەوە پابەند دەبن و بەو جۆرە دەنووسن، چونکە حکوومەت لە پشت ئەکادیمیایە و بەسەریاندا دەسەپێنێ. پێویستە لە کوردستانیش ئەکادیمیای کوردی ئەو ڕۆڵەی پێ بدرێ و ئەو شوێنگەیەی هەبێت و حکوومەت پشتگیریی لێ بکات و لە ڕووی داراییشەوە سپۆنسەرییان بکرێت تا بتوانن داهێنان بکەن و کاروباری زمانەوانی بەڕێکوپێکی و زانستییانە بەڕێوە بەرن. بۆ یەکدەستکردنی ڕێنووس، پێویست بە ئەکادیمیایەکی بەهێز و تۆکمە و ئۆرگانیزەکراو هەیە.

## گرنگیی زمانەوانی بەگشتی بۆ نووسەران

نووسەران دەتوانن شتی باش بنووسن و ناوەڕۆکێکی پڕبایەخ ڕادەستی خوێنەران بکەن، بەڵام مەرج نییە شارەزای هەموو وردەکارییەکانی زمانەوانی بن. بۆیە دەبێ کەسێك هەبێت ڕۆڵی پێداچوونەوە و هەڵەچنی بگێڕێت تا نووسینی نووسەران لە هەڵەی زانستی و ڕێزمانی و زمانەوانی بە شێوەیەکی گشتی خاوێن بکرێتەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە تۆزێك بپرژێینە سەری، ئەوەیە کە نووسەرانی بەڕێز دەبێ لانی کەم لە بواری ڕێنووس تا ڕاددەیەك شارەزا بن، چونکە ئەوەی کە بە بابەتەکەیدا دەچێتەوە، سەرەڕای هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووسی، بەڵام زیاتر ئاگای لە ڕاستی و دروستی و ڕوونی و ڕەوانیی نووسینەکە و ناوەڕۆك و ناواخنی نووسینەکەیە. ئەگەر نووسەر خۆی ڕێنووس بزانێت، لە ئەرك و ماندووبوونی پێداچۆرەوە کەم دەکاتەوە و وا دەکات ئەم، زیاتر خۆی بە کوالێتی و چۆنێتی و دۆخی ناوەڕۆکەوە خەریك دەکات نەك بە هەڵەی ڕێنووسی.

کاری پێداچوونەوەی زمانەوانی، کارێکی پسپۆڕانە و هەمەلایەنە و گشتگیرە. کارێکە پەیوەندیی بە ورد و دروشتی نووسینەکانەوە هەیە. تەنیا سەرقاڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس و... نابێت و تێ دەکۆشێت کە لە کۆتاییدا بابەت و نووسینێکی پوخت و جوان و داماڵراو لە هەڵە و چەوتیی زمانەوانی و زانستی دەربچوێنێت و بیداتە بەردەست. تەنانەت پێویستە لە ڕووی ڕێڕەو و ئاراستەی مەنتقییەوە بابەتەکە ڕاستەڕێ بکاتەوە. دەبێ وا بکات کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا قەت هەست بە ماندووبوون و بێزاری نەکات و دڵنیا بێتەوە لەوەی ئەم بابەتەی کە دەخوێنێتەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە شیاوی متمانەیە و ڕاستێتی (مصداقية)ی هەیە.

بێ گومان خوێنەری جددی و زیرەك هەن کە ئەگەر نووسینێك بەهەڵەشەیی و هەڕەمەکی پێداچوونەوەی بۆ کرابێت، پەی پێ دەبەن و دواتر متمانە بە نووسەرەکە یان ئەو دەزگەیەی بابەتەکە یان کتێبەکەی بۆ چاپ کردووە یاخود دابەزاندووە، ناکەنەوە و ئەمەیش خەسار و زیانێکی بەرچاوە و ڕەنگە قەرەبوو نەکرێتەوە. کەواتە هەم لەسەر نووسەر و هەمیش لەسەر ئەو دەزگەیە یان ئەو شوێنەی بابەتەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، پێویستە کە زۆر بەجددی و شێلگیرانە کار لەسەر لایەنی زانستی و زمانەوانی بکەن.

## بینا و کۆڵەکەکانی وتار

جیا لە پرسی پێداچوونەوە و هەڵەچنی، کە کۆڵەکەی ڕاستنووسی و ڕەوانووسین و یارمەتیی خوێنەر دەدات کە لە وتارێک بگات، هەروەها ستانداردی نووسینیش هاوکات ئەو دەرفەتە دەگونجێنێت کە پەیامی وتارنووس وەربگیرێت. بۆیە پێداچوونەوەی زمانەوانی و هەڵەچنی لەگەڵ ستانداردی وتارنووسین یان

پۆلێنکردنی فکر و مەبەست لە نووسیندا، تەواوکەری یەکترین.

ستانداری وتارنووسین یان پۆلێنکردنی بابەتی نووسین لە وتاردا لەسەر بنەمای "سەردێڕ" (Title) **"دەسپێک یان سەرەتا" (Preamble -Ingress) و "تێکستی جووڵاو یان تێکستی نان" (Flowing text) بەڕێوە دەچێت. هەرسێ چەمکی سەردێڕ، دەسپێک و تێکستی بزوێن (جووڵاو) ئەرکێکی تایبەت بە خۆیان لەسەر شانە. بوونی ئەم ستانداردە هەم شارەزاییی نووسەر پێشان دەدات، هەمیش ئاسانکارییە بۆ تێگەیشتن لە بابەتێک، چونکە نووسین بەبێ ڕەچاوکردنی بنەما، بینا و کۆڵەکەکانی نووسینی وتار، تێگەیشتن لە ڕاددەبەدەر قورس دەکات و هەمیش کاری** پێداچۆرەوە (ئێدیتەر)ی زمانەوانی زۆر قورس و ئاڵۆز دەکات و تەنانەت لەوانەیە وتارێک بەبێ ڕەچاوکردنی ستانداردی نووسین بڵاو نەکرێتەوە. بۆیە هاوکات کە وتارێک دەبێ پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی و هەڵەچنیی بۆ بکرێت، هەروەها پێویستە ڕەچاوی ستانداری نووسین (پۆلێنکردنی بابەت لەسەر بنەمای لێکجیاکردنەوەی وتار بەپێی سەردێڕ، دەسپێک و تێکستی جووڵاو)یش بکات و، دەبێ ئەو سێ ئامانجەیش (**ڕەواننووسی، تێگەیاندن و کارتێکەری**) بپێکێت.

کۆی ئەمانەیە کە پرسی پەیوەندیکردن ((communicationی سەرکەوتوو دێننە گۆڕێ و، ڕێک ئاستبەرزی لە هونەری پەیوەندیکردن لەگەڵ خوێنەردا چێ دەکەن. بۆیە گەیاندنی پەیامێکی ڕوون و ڕەوان، هەنگاوی یەکەمە کە دەرگە بەڕووی تێگەیشتن و گفتوگۆدا دەکاتەوە. بۆیە دەبێ دەقێکی باش بە زمانێکی ڕەوان و بێگرێ، زانیاری بە خوێنەر بدات. ڕێک لێرەدایە کە زمان هەم ئامرازە و هەمیش ئامانج؛ ئەمەیش هێز و دەسەڵات بۆ وشە دروست دەکات. لە وەها دۆخێکدا نووسین حەز لە خوێنەردا دروست دەکات و تا کۆتاییی نووسین لەگەڵ نووسەردا هاوسەفەر دەبێت و ئاستی زمانی کوردییش بە ڕێنووسێکی یەکدەست و ڕەوان بەرز دەکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**


http://diyako.yageyziman.com

https://norrlandswebbyra.se/korrekturlasa-text

**Siv Strömquist,** Konsten att tala och skriva

**Marika Tandefelt**, Konsten att skriva

/https://journalyab.com